**التحاد العام اللاجئين العراقيين**

**THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEE**

**کۆمسیونی مافی مرۆڤ لە ئەوروپا**

**بابەت : دیپۆرت کردنەوەی 33 پەنابەری کوردی عیراقی**

**بەریزان بە پێویستمان زانی وەک لایەنیکی بەرپرس بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ، بە ئاگاداریتان بگەیەنین، کەبەپێ ی ئەو هەوڵەلانەی لە کوردستانی عیراقەوە بەدەستمان گەشتووە.حکومەتی بەریتانیا چەند ڕۆژ لەمەوبەر 33 پەنابەری کوردی دیپۆرتی کوردستانی عیراق کردوەتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە حکومەتی بەریتانیا بە نیازی دیپۆرت کردنەوەی نزیکەی 7000 پەنابەری کوردی عیراقی یە کە سەرباری سالەها چاوەروانی کردن تا ئیستە لە مافی پەنابەری بەهرمەند نەبوو .**

**بڕیاری دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران و عەمەلی کردنەوەی دیپۆرتی 33 پەنابەر لە بەریتانیاوە بۆ کوردستان، ئەگەرچی ئەم کردەوەیە بۆ یەکەم جارە کەڕاستەخۆ یەکێک لەوولاتانی ئەوروپا هاوکات لەگەل بڕیاری دییۆرتکردنەوەی پەنابەراندا هەنگاوی بەکردوە بنێن بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانیان. بەلام ئەگەر بێت و بە توندی هەموو لایەکمان بەرپەرچی ئەم کردەوەیە نەدەینەوەو نەیەینە مەیدان دژ بەم سیاسەتە نا ئینسانیە بەدلنیای نەک تەنیا دیپۆرتکردنەوە هەڕەشە لە ژیان و چارەنووسی 7000 پەنابەری تر دەکات لەبەریتانیا، بەڵکو ئەمە سەرەتایەک دەبێت بۆ دیپۆرتکردنەوەی دەیان هەزار پەنابەری کوردو عیراق لە وولاتانی تری ئەوروپاوە بۆ وولاتیک کە هەر ڕۆژە سەدان کەسی تیدا دەکریێتە قوربانی سیاسەت و ئامانجەکانی ئەم وولاتانە کە خۆیان بوونەتە بەشێک لەسیناریۆی ڕەشی کۆمەڵگای عیراق. لەمبارەوە ئاشکرایە لەماوەی دوو سالی ڕابردودا زیاتر لە سەد هەزار ئینسان بوونەتە قوربانی سیاسەتی وولاتانی هاوپەیمان و بەرەی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی. هەروەها ڕەنگە خۆتان ئاگاداری بارودخی سیاسی و ئەمنی کوردستان وعیراق بن. بۆیە زۆر پێویست بە ڕوونکردنەوەو بەرچاوخستنی ئەو واقعە تالە ناکات کە چۆن ڕۆژانە سەدان ئینسان تیدا دەبێتە قوربانی. بۆیە ئەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێت بیلێین و ئەوەیە کەداواتان لێدەکەین بەحوکمی ئەرکێک کەخستووتانە سەرشانتانە کەداکۆکی کردنە لە مافەکانی ئینسان، کەبیگۆمان یەکیک لەو مافانە مافی پەنابەری یە ، بەدواچوونتان هەبێت لەسەر ئەم پیشلیکاری یەی جاڕنامەی مافی مرۆڤ، وە بە تووندی نارەزایەتی خۆتان دەربرن دژ بە بڕیاری دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی و عەمەلی کردنەوەی ئەم کارە لە ئاستی دیپۆرت کردنەوەی 33 پەنابەردا لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە .**

**بەڕێزان ئێمە وەک فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی ماوەی چەند ڕۆژێکە کەمپینێکمان بۆ ڕاوەستانەوە دژ بەم سیاسەتەی حکومەتی بەریتانیا راگەیاندوەو داواتان لێ دەکەین کە ئێوەش بە دەوری خۆتان دەنگ هەڵبڕن دژ بەم پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ و بەتووندی ئیدانەی ئەم سیاسەتەی حکومەتی بەریتانیا بکەن لە پەیوەند بە دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران و هەروەها خوازیاری لغوکردنەوەی دەست بەجێ ی ئەو بڕیارەبن و لەمانەش گرنگتر داواتان لێدەکەین کە بەحوکمی بارودخی نا ئەمنی عیراق بەکوردستانیشەوە خوازیاری بەڕسمی یەت ناسینی مافی پەنابەری بن بۆ هەموو پەنابەرانی کوردو عیراقی لەبەریتانیا .**

**هاوپیچ لەگەل ئەم نامەیەدا، نسخەی نامەیەکی ئاراستە کراو بۆ وەزیری ناوخۆی بەریتانیا بە دەستان دەگات .**

**لەگەل ڕیزی دووبارەمان، بەهیوای داکۆکیکردن و بەرزنرخاندنی مافەکانی پەنابەرانین وەک بەشێک لەمافەکانی ئینسان لەلایەن بەڕێزتانەوە.**

**ریبوار عارف**

**سکرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2005 / 8 / 21

**Address: R . A** **fediraq@welho.com**

**00300 Helsinki - Finland** **Tel : 0058 0440464905**